دەستەی گەشتوگوزار لە پەشانگەی بازاڕی گەشتیاریی عەرەبی ژمارەیەک ڕێککەوتن واژوو دەکات

دەستەی گشتیی گەشتوگوزار لە پەشانگەی بازاڕی گەشتیاریی عەرەبی ژمارەیەک ڕێککەوتن لە نێوان کەمپانیا گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی بەشداربوو واژوو کرد.

پەشانگەی بازاڕی گەشتیاریی عەرەبی (ATM) سبەی دووشەممە (6ـی ئایاری 2024)، دەستپێدەکات و سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

ئەو پەشانگەیە دەرفەت بە کەرتی گەشتیاری دەخسێنێت و کارئاسانی دەکات بە ئەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم ڕاکێشانی گەشتیاران بە هەرێمی کوردستان کەم ببنەوە.

لەم بارەیەوە ئیبراهیم عەبدولمەجید وتەبێژی دەستەی گشتیی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان وتی: "بە واژووکردنی ئەو ڕێککەوتنانە چاوەڕوان دەکرێت ڕۆژی گەشتیاریی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان زیاد بێت".